# نیعمەتەکانی زستان

﴿ نِعَمُ الشتاء ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

احسان برهان الدين

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ نِعَمُ الشتاء ﴾

« باللغة الكردية »

احسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# نیعمەتەکانی زستان

خوای گەورە خۆی خاوەنی رۆژ وساڵ و وەرزەکانە، بەڵام بەپێی یاسای خوای پەروەردگار هەموو وەرزێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەرزی زستانیش بەهۆی رۆژی کورت و شەوی درێژیەوە، وەرزێکی دڵگیر و خۆشە بەلای ئیماندارەوە، چونکە لە رۆژەکەیدا بەرۆژوو دەبێت و ماندوو نابێت، دەتوانێت درێژیی شەوەکەشی بکاتە هەلێك بۆ پەرستنی خوای گەورە و ئەنجامدانی شەونوێژ، چونکە ئەوەندە کاتی بۆ دەرەخسێت کە بخەوێت و شەونوێژیش بکات، بەپێچەوانەی شەوانی هاوین کە ئەوەندە کورتە بەتەواوی بەشی خەویش ناکات، بۆیە خەڵکی زۆرجار لە نیوەروان دەخەون، لەم بارەشەوە فەرموودەیەکی جوانمان پێگەیشتووە لە هاوەڵی بەرێز (أبو سعید الخدري)ەوە کە لە موسنەدی ئەحمەد و بەیهەقیدا گێردراوەتەوە کە فەرموویەتی:(الشتاء ربيع المؤمن، طال ليله فقامه وقصر نهاره فصامه) واتە: بەهاری راستەقینەی ئیماندار زستانە، هۆکاری ناونانی زستانیش بە بەهار لەوەدایە-وەکو (ابن رجب الحنبلي) فەرموویەتی- کەسی ئیماندار لە باخەکانی خواپەرستندا ئەگەڕێت و، لە گۆڕەپانی عیبادەتدا ئەسپی خۆی تاودەدات، دڵیشی خاوێن دەکاتەوە لە باخچەی ئەو کارەچاکانەی بۆی ئاسان دەبێت لەو وەرزەدا، چونکە رۆژووەکەی بەبێ تینوێتی و برسێتی بەسەر دەچێت و، تێیدا هەست بە ماندوێتی ناکات.

هەروەها لە موسنەدی ئەحمەد و(الترمذي) دا هاتووە، کە ئەبو هورەیرە فەرموویەتی: ئایا دەستکەوتی ساردو بێ ماندووبیتان پێ پیشان بدەم؟ رۆژووی زستان.

مەبەستی ئەبوو هورەیرەش ڕەزای خوای لێبێت لە دەستکەوتی سارد ئەوەیە: ئیماندار دەتوانێت بەبێ شەڕ و مەترسی کوژران و برینداربوون قازانج و خێری زۆری دەست کەوێت.

هەروەها دەگێرنەوە ئیبنو مەسعود ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: بەخێربێت زستان، وەرزی زستان بەرەکەتی تێدا دادەبەزێت، شەوی درێژە بۆ شەونوێژ و ڕۆژی کورتە بۆ ڕۆژووگرتن.

هەروەها عوبەیدی کوری عومەیر دەیفەرموو: ئەی پەیرەوانی قورئان زستانە و شەوتان درێژبوویەوە بۆ قورئانخوێندن، ڕۆژتانیش کورت بوویەوە بۆ ڕۆژووگرتن، شەونوێژی زستان بەرانبەر ڕۆژووی هاوینە.

هەربۆیە موعازی کوری جەبەل خوای لێ رازی بێت، لەکاتی سەرەمەرگدا دەگریا و دەیفەرموو: من دەگریم بۆ لەدەستدانی تینوێتی ڕۆژە گەرمەکان و، شەونوێژ لە شەوە ساردەکانی زستان و ئامادەبوونی بازنەکانی یادی خوای گەورە.

بەڵام مەخابن حاڵی ئێمە و ئەوان زۆر جیاوازە، ئەوان پێشوازی زستانیان بەم شێوە دەکرد و وەکو هەلێك تەماشایان دەکرد بۆ خواپەرستن و، چێژیان لەو شەوە درێژانە دەبینی بۆ موناجات و لێپرسینەوە لەگەڵ دەروونە بێ گەردەکانیاندا، ئەو دەروونانەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەئاوی سازگاری وەحی پاراوی کردبوویەوە، بۆیە لە عیبادەت تێرنەدەبوون و بچووکترین تاوانیان بەلاوە وەکو چیاکان وابوو کوتوموت بەپێچەوانەی ئێمە کە کەمترین عیبادەتی خۆمان بەزۆر دەزانین و پێمان وایە ئیسلام قەرزاری ئێمەیە و هیچمان نەهێشتووەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئێمە فەرمانمان پێکراوە شوێن کەوتووی هاوەڵانبین و بیانکەینە پێشەنگی دونیا و دوارۆژمان، گەر سەیریشت لە شتێك دێت سەیرت لەوە بێت کە لە بەرانبەر ئەم دیمەنە کاریگەرانە لە ژیانی هاوەڵاندا کە دەبوو وەکو پێشەنگێك تەماشا بکرایە، زۆرێك لە موسوڵمانانی ئەم سەردەمە تەماشای شەوە درێژەکانی زستان وەکو هەلێك دەکەن بۆ بینینی زنجیرە و فلیمەکانی تەلەفزیۆن و سەتەلایت، یان دانیشتن بەرانبەر ئینتەرنێت و کات کوشتن بە چات و یانەی ماڵپەرەکانەوە تا بەرەبەیان، یان لەباشترین حاڵەتەکاندا بۆ سەردان و ئاخاوتنی بێ سوود، پرسیاری گرنگیش لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەوەی هاوەڵانی دەترساند و خەوی لەچەو دەتۆراندن ئێمە ناترسێنێ، ئایا ئێمە پێویستی زۆرترمان نیە بەو عیبادەتانەی ئەوان شەوە ساردەکانی زستانیان پێ ئاوەدان دەکردەوە و، لە ڕۆژوو گرتنی ڕۆژە گەرمەکانی دورگەی عەرەب چێژیان دەبرد، سوێند بەخوا هەموو کێشەکانی موسوڵمانان لەم سەردەمەدا پێویستیان بە ئیمانێکی پتەوی وەکو ئیمانی هاوەڵان هەیە، ئیمانێك کە پاڵنەر بێت بۆ چاکەی بە هەموو جۆرەکانییەوە،

دوورخەرەوەش بێت بۆ خراپە بەهەموو جۆرەکانییەوە، چونکە بیروباوەری هاوەڵان بزوێنەر بوو بۆ هەموو کارێك لە بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵماناندا بێت، ئینجا نەك هەر تەماشای زستانیان وەکو هەلێك دەکرد بۆ نزیك بوونەوە لە خوا، بەڵکو هەموو تەمەنیان وەکو یەکێك لە شەوگارەکانی زستان تەماشا دەکرد، کە هەرچەند درێژ بێت پاش چەند ساتێکی کەم گزنگی سپێدە دەیرەوێنێتەوە، یان وەکو رۆژێك تەماشایان دەکرد کە هەرچەند درێژ بێت لەکۆتاییدا هەر خۆری تێدا ئاوا دەبێت.

بۆیە با ئێمەش ئەوەمان لەیاد نەچێت کە زستان، بەهاری راستەقینەی موسوڵمانانە، دەتوانین لە رۆژی کورت و شەوی درێژی سوود وەربگرین، هەروەها پابەند بین بەو وێردانەی کە لە کاتی باو باران و هەورەتریشقە پێویستە بوترێن، جگە لەمانەش هەوڵی شارەزابوون بدەین لەو حوکمە شەرعیانەی کە پەیوەندیان بەو وەرزەوە هەیە وەکو کۆکردنەوەی نوێژەکان بە جەماعەت لەمزگەوتدا بەهۆی باران و سەرما یۆلە، وەکو نوێژی نیوەرۆ و عەسر، یان مەغریب و عیشا، هەروەها شارەزابوون لەحوکمی دەم هەڵپێکان بەهۆی سەرما و، تەیەمووم کردن بەهۆی سەرما و دەستنەکەوتنی ئاوی گەرم و حوکمی مەسحکردن لەسەر (خُف) و گۆرەوی، یان حوکمی نوێژکردن روو لە ئاگر و، زۆرباسی تر کە پەیوەندیدارن بەم وەرزی سەرما و زستانەوە، کە لە کتێبی زانایاندا -لەکۆن و نوێ- بە شیکراوەیی خراونەتە روو.